ئامارێک دەریخستووە عێراق لە ڕیزبەندی 50هەمین لە لیستی کاریگەرترین وڵاتانی جیهاندایە



ڕاپۆرتێکی گۆڤاری "CEOWORLD" کە تایبەتە بە ئامارکان دەریخستووە کە عێراق لە ڕیزبەندی 50هەمین و چوارەم وڵاتی عەرەبیە لە لیستی کاریگەرترین وڵاتانی جیهاندایە، کە ڕاپۆرتەکە وڵاتانی لەسەر بنەمای ژمارەیەک پۆوەر پلەن کرد کە بریتین لە ئابووری، تەکنەلۆژیا، وەرزش، زانست و هتد.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە پلەی یەکەمی لیستەکەدایە بە 95.29 خاڵ لە کۆی 195 وڵاتی جیهان، هەروەها چین و ڕووسیا و هیندستان لە پلەی دووەم و سێیەم و چوارەمدا بوون، هەروەها لە جیهانی عەرەبیدا، سعودیە لە پلەی یەکەمی جیهانی عەرەبیدایە و لە پلەی نۆیەمی جیهاندایە بە 93.12 خاڵ، دواتریش ئیمارات لە ڕیزبەندی 33یەمی جیهاندایە، میسر لە پلەی 41 دایە و عێراق لە پلەی 50 دایە.